http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.365

# خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی لە گەشەكردنی كۆمەڵگای كوردستاندا 1991 - 2016

علی احمد حسن

بەشی مێژوو، كۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەكانی , زانكۆی گەرمیان, خانەقین
ali.ahmad.hasan@garmian.edu.krd

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا تیشكمان خستۆتە سەر ڕێكخستنی ماف و ئازادی خۆپیشاندان لەهەرێمی كوردستانی عێراق وەك نموونە، كە مافی ئازادی خۆپیشاندان وەك یەكێك لە ماف و ئازادییە گشتیەكان ڕوون دەكەینەوە، پشتبەست بەو پەیماننامە و ڕێككەوتنە نێودەوڵەتیەكان و جاڕنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤ وەك گەرەنتیەك بۆ پارێزگاری مافی ئازادی خۆپیشاندان و خۆپیشاندەران، لەبەر ئەوەی لە كۆمەڵگای ئێمەدا ماف و ئازادیەكان پێشێل دەكرێن و ڕێگری لێدەكرێت بەتایبەتی مافی ئازادی خۆپیشاندان، بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی گشتی و ستەمی گشتی وڵات. لەسەرەتاوە لە داواكراوی یەكەمی لێكۆڵینەوەی یەكەمی باسی یەكەم دا هەوڵمان داوە تیایدا پێناسەی دەستەواژەی خۆپیشاندان بكەین بەشێوەی زمانەوانی، پاشان پێناسەی خۆپیشاندان بكەین لە ڕوانگەی یاسادانەرانی بیانی و یاسادانەری هەرێمی كوردستان، لەگەڵ گرنگی و پەیوەندی خۆپیشاندان بە مافی ئازادی ڕادەربڕین و مافەكانی مرۆڤ و دیموكراسی هەروەها داواكراوی دووەممان تەرخان كردووە بۆ گرنگی خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بە دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤ هاوكات پەیوەندی بە ماف و ئازادییەكان و ئازادی ڕادەربڕینەوە. بەهەمان شێوە لە باسی دووەمدا لەداواكراوی یەكەمدا باسی كۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێكخراوەكانمان كردووە. لە داواكراوی دووەم دا، مەرجەكانی خۆپیشاندانمان ڕوونكردۆتەوە و خاڵ بە خاڵ لێكۆڵینەوەمان لەسەر كردووە، هاوكات داواكراوی دووەم پێكهاتووە لەو ڕێگری و كۆت و بەندە یاساییانەی كە دانراوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەكاتی ئاسایی و نائاسایی دا، لێكۆڵینەوەی دووەم و كۆتایی پێكهاتووە لە گەرەنتیە بڕیار لەسەردراوەكانی پاراستنی مافی ئازادی خۆپیشاندان.

**كلیلی ووشەكان:** مێژووی ڕێپێوان ، خەباتی مەدەنی ، گەشەكردنی كۆمەڵگای ،كوردستان

## گرفتی توێژینەوە

مێژووی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی لە كوردستاندا و پیادەكردنی ئەو مافە لەلایەن خەڵكییەوە و ڕێوشوێنە كارگێڕی و ئەمنیەكان كە سنوور بۆ ئازادی ئەو مافە دادەنێت بەبیانوی پارێزگاری لە ڕەوشی گشتی، لێرەدا گرنگی ئەم پرسە دەردەكەوێت كە چۆن هاوسەنگی و گونجاندان درووست بكرێت لەنێوان پیادەكردنی ئازادی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی لەلایەك و

پێویستیەکانی پارێزگاری لە ڕەوشی گشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە و پاراستنی لە ئاژاوە و پشێوی لەلایەکی ترەوە، واتە بەبیانووی پاراستنی ئەمن و ئاسایشەوە ئازادییە گشتیەکان پێشێل نەکرێت.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هاوڵاتی ئاشنا دەکاتەوە بە مافەکانی کە مافی خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە و پێویستە دەستەبەر بکرێت وە هاوڵاتی دەبێت بوێر بێت و داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات، هاوکات هاوڵاتیان نابێت بەناوی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینەوە ڕەوشی گشتی بشێوێنن و پەنا بۆ توندوتیژی و تێکدانی سیستەمی کوردستان ببەن. گرنگییەکی دیکە ئەوەیە کە بەراوردی یاسای خۆپیشاندان لە کوردستان بە یاسای وڵاتانی دیکە دەکات و لێرەوە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش نابێت بەناوی پاراستنی ماڵ و سامان و گیانی هاوڵاتیان و پاراستنی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەرامبەر هەر هەڕەشە و تیرۆرێك خۆپیشاندەران سەرکوت بکەن و توندوتیژی بەکاربهێنن. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە پرسی خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەکێکە لە پرسە هەنووکەییەکان و پێویستە توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت.

## گریمانەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو گریمانیە دەروات،کە مامەڵەکردنی تەندروستی دەسەڵات لە گەڵ خوپیشاندان و وەڵامدانەوەی خواستە مەدەنیەکان ئاستی گەشەی کۆمەلایەتی و سیاسی پێش دەکات بە پێچەوانەکەشی کاریگەری لەسەر بلاوبونەوەی توندوتیژی لە لایەك بەکارهێنانی خۆپیشاندانەکان لەلایەن گروپە توندوتیژەکان ئاستی گەشەری سیاسی و کۆمەلایەتی دوا ئەخات.

## میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی شیکاری بەراوردکاری ومێژویە، بە کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و شیکردنەوەیان، دواتر بەراوردکاری میکانیزمەکانی مێژووی خەباتی سیاسی و مەدەنی و ڕێپێوان لە هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنی بە یاسا و ڕێساکانی ئەم پرسە لە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە و ڕێوشوێنەکانی دەسەڵاتی دادوەری لە ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن و یاسادانان لە دابینکردنی ماف و ئازادیەکانی ئەم پرسە.

## پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە دووباسی سەرەکی و دەرئەنجام و پاشان کۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردە پێکدێت ، باسی یەکەم پێکهاتووە لە دوو تەوەرو هەر تەوەرێك لە چەند خاڵێك ، باسی دووەمیش پێکهاتووە لە دوو تەوەر ، لە باسی یەکەمدا

پێناسەو گرنگی چەمکی ڕێپێوان خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بە مافەکانی مرۆڤ مافی ڕادەربڕین و دیموکراسیوەیەتەوە ، لە تەوەری یەکەم پێناسەی چەمکی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی کراوە بەم شێوەیە یەکەم: پێناسەی زمانەوانی بۆ چەمکەکە کراوە پاشان لە ڕووی بەکارهێنا و زاراوە شیکراوەتەوە لە خاڵی سێهەمیشدا پەیوەندی نێوان مانای زمانەوانی زاراوەی ڕوونکراوەتەوە. لە تەوەری دووەمدا باس لە گرنگی و بایەخی ڕێپێوانکراوە لە خاڵی یەکەمدا گرنگی ئەم مافەو پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە شیکراوەتەوە ، لە خاڵی دووەمدا باس لە گرنگی و پەیوەندی بەدیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤەوە کراوە . لەتەوەری سێهەمدا مێژووی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان و خواست و داوای هاوڵاتیان ڕوون کراوەتەوە.

لە باسی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە لە دروستکردنی ڕای گشتی کۆمەڵگا و وورژاندن و ووشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان کە مافی خۆپیشاندانە وەك میکانیزمێکی گونجاو بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا ، لە تەوەری دووەم باس لە مەرجەکانی خۆپیشاندان کراوە ، بەم شێوەیە لەم باس و تەوەرانەدا تاوتوێی ئەم پرسە کراوە لە کۆتای توێژینەوەکەشدا دەرئەنجامەکان خراوەتە ڕوو پاشان کۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردە وەك چارەسەر کە بۆ حکومەت و لایەنی یاسادانەر دیاری کراوە کە ئومێدەوارین جێ ی سوود و ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت .

## پێشەکی

دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 لە کوردستاندا و کشانەوەی ئیداراتی حکومەتی ئەو کاتەی عێراق لە هەر سێ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك، دروستکردنی یەکە کارگێڕیەکان بۆ بەڕێوەبردنی هەرسێ پارێزگاکە بووبووە پێویستیەکی هەنووکەیی، چونکە هەرێم لەو هەلومەرجەدا ڕوبەڕوی کۆمەڵێك گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی دەبووەوە، هەر لە ئابلۆقەی جیهانی سەر عێراق بەگشتی و ئابلۆقەی حکومەتی عێراق لەسەر کوردستان، واتە کوردستان ڕوبەڕوی دوو ئابلۆقە دەبووەوە هی نێودەوڵەتی و ڕژێمی بەعس، ئەمە وێڕای ئەو دابەشبوونەی لایەنە کوردستانیەکان و خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی کوردستان. لەم چرکەساتە مێژووییەدا نیشتمان و گەلی کوردستان کۆمەڵێك ڕووداو و گۆڕانکاری لە ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی بەخۆوە بینی کە هەندێکیان شێوازی ئاشتیانە و نەرمی هەبوو هەندێکیشیان ڕووبەڕووبونەوە و توندوتیژی لەخۆگرتبوو، دیارە زۆربەشیان داواکاری خەڵك بوو بۆ چارەسەری کێشەکانی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و دابینکردنی مافی ڕادەربڕین و خەباتی مەدەنی، زۆرێك لەو داواکاریانە مافی ڕەوای خەڵك بوون و گونجاوبوون لەگەڵ بنەما دەستوریەکانی مافەکانی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی لە کوردستان. دیارە بۆ ئەوەی هاوڵاتی مافی ڕادەربڕین و خەباتی مەدەنی هەبێت، بوونی یاسا زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی تاك مافی پارێزراو بێت و هەندێ ستەم و ناڕەوایی بەرامبەری ئەنجام نەدرێ یان دەسەڵاتی کارگێڕی هێزەکانی خۆی بەکارنەهێنێت بۆ ڕێگری لە مافی ڕادەربڕین و ڕێپێوان و مافە مەدەنییەکان بۆ بێدەنگ کردنی خەڵك، دیارە مێژووی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی هەر لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ەوە لە کوردستاندا تا ئێستا هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە گەشەی کۆمەڵگەدا و

ئاشناكردنی تاكەكانی خەڵك بە مافە یاسایی و دەستورییەكانی لە هەرێمی كوردستان. مێژووی ئەم خەباتەش لەدوای ڕاپەڕینەوە هەڵكشان و داكشان و هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە كە پێویستی بە تێڕامان و گرنگی پێدانی زیاتر هەیە.

باسی یەكەم/ پێناسە و گرنگی چەمكی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بەمافی ڕادەربڕین و مافەكانی مرۆڤ و دیموكراسیەتەوە .

تەوەری یەكەم/ پێناسەی چەمكی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی.

یەكەم/ پێناسەی زمانەوانی بۆ ووشەی ڕێپێوان .

دووەم/ چەمكی ڕێپێوان لەڕووی زاراوە و بەكارهێنان .

سێیەم / پەیوەندی نێوان مانای زمانەوانی و زاراوەیی ڕێپێوان .

یەكەم/ پێناسەی زمانەوانی بۆ ووشەی ڕێپێوان

ئەم چەمكە لە زمانی عەرەبیدا بەم شێوەیە هاتووە ( التظاهر تعني التعاون و المظاهرة المعاونة أي نصره و اعانه و الظهير ، العون ، الواحد و الجمع في ذلك سواء ، استظهر به أي استعان وظهرت عليه : أعنته وظهر علي: اعانني و تظاهروا : تعاونوا[1]

دیارە هەموو ئەم مانایانە بە مانای هاوكاری و پشتگیری و كۆبونەوە و دەست دانە دەستی یەكتری و پاڵپشتیكردنی تاك و كۆمەڵ دێت لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجێكی دیاری كراودا لە قورئانیشدا هاتووە ﴿وان تظاهرا عليه ﴾[2] واتە مرۆڤەكان پشتگیری یەكتری دەكەن هەروەها هاتووە ﴿والملائكة بعد ذلك ظهير﴾[3] ظهير : دوبارە بە مانای پشتیوانی و هەماهەنگی دێت ﴿ تظاهر القوم ﴾ ئەمەشیان بەو مانایە دێت كە پشتیان داوە بە پشتی یەكدیەوە و لە پێشەوە بەرگری لە خۆیان دەكەن ﴿وظاهر بين الثوبين : طابق بينهما ﴾[4] واتە بەراورد لە نێوان دوو جل و بەرگ و وەك یەك لێككردنی یان دەربڕینی هاوسۆزی و پشتیوانی و هەماهەنگی بەرامبەر پرسێك و پراكتیزەكردنی لە شێوەی خۆپیشاندانێكی بە كۆمەڵدا یان ئەوتریێت كۆمەڵانی خەڵك كۆبونەوە لە ڕێپێوانێكی قەرەباڵخدا و بەرەو جێگایەك ڕۆشتن یان كۆبونەوە و دروستكردنی قەرەباڵغێكی زۆر لە گۆڕەپانێكی گشتیدا بۆ داواكردنی خزمەتگوزاری یان بەرهەڵستی

---

1- جماالدين محمد مكرم (ابن منظر الافريقي المصري ) , لسان العرب , المجلة الرابع , دار الفكر للطباعة والنشر و التوزيع , الطبعة الأولى , 1410ه -1990م , ص 521- 525.

2- سورة التحريم الآيه (4)

3- سورة الفرقان الآيه (55)

4- احمد مختار عمر , معجم اللغة العربية المعاصرة , الناشر , عالم الكتب , القاهرة , سنة النشر , 1429ه – 2008م , ص 1445.

پرسێکی دیاریکراو یان نارەزای دەربرین بەرامبەر مەسەلەیەك یان داوای گۆرنکاری و چاکسازی زۆرجار رێپێوانێکی بچوك تێکەڵ بە خۆپیشاندان و چەند گردبونەوەیەکی تر ئەبێ و هەنگاو بە هەنگاو فراوان دەبێ بۆ نمونە خوێندکاران یا هەرتوێژێکی تری کۆمەڵگا رێپێوانێکی فران و گشتی ئەنجام ئەدەن و داوای ماف و ئازادیەکان دیموکراسیەت ئەکەن.

**دووەم/ چەمکی رێپێوان لەرووی زاراوە و بەکارهێنان**

لە رووی زاراوە و بەکارهێنانەوە سەبارەت بەم چەمکە بە چەند جۆر و شێواز پێناس و باسی لێکراوە ئەمانەی خوارەوە دیارترینیانە:

1- گردبونەوە و خۆپیشاندانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لەسەر شەقامەکان دەنگ هەڵبرین خستنەرووی داواکاریەکانیان.

2- کۆبونەوەیەکی گەورەی نارێکخراوی خەڵکێکی زۆر لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کە ئامانج و خواستێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە لێرەدا مەبەست رێپێوانی سیاسیە و دیارە جیاوازیش لە نێوان ئۆپۆزیسۆنی سیاسی و بەشداری سیاسی هەیە چونکە ئەمەی دوایان ئامانج لێی بەشداربونە لە دروستکردنی بریاری سیاسی بەلام ئۆپۆزیسۆن و رێپێوان بۆ بەرهەڵستی بریار و پرسە سیاسیەکان دروست بووە.[5]

**سێیەم / پەیوەندی نێوان مانای زمانەوانی و زاراوەیی رێپێوان:**

لە میانەی ئەو ئەو پێناسانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد دەتوانین بڵێین کە بنەما سەرەکیەکانی رێپێوان و خەباتی مەدەنی و تایبە تمەندیەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

(1) ئاشکرایی (العلنیە): رێپێوان پێویستە ئاشکراو دیاربێت و بە ئاگاداری زۆرینەی خەڵك ئەنجام بدرێت.

(2) هاوکاری و هەمەهەنگی: ئەمەش تایبە تمەندیەکی دیکەی رێپێوان و خەباتی مەدەنیە و بە مانای پشتی یەکگرتن و هاوکاری و پشتیوانیە کە بەبێ ئەم بنەمایە ماناو مەبەستی سەرەکی خۆی لە دەست دەدات.

(3) هاوئامانجی و هاوچەرەنوسی: ئەم تایبەتمەندیەش لەگەڵ بنەماکانی هاوئاهەنگی تیرەو خێڵ و بنەماڵەو کۆمەڵانی خەڵکدا گونجاوە و هەر هەموویان بۆ چارەنوسی هاوبەش و لە پێناو سودی گشتی کار دەکەن.

(4) بڵاو بونەوە و خۆپیشاندان: ئەمەش بە مانای خۆپیشاندانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك هاواکردن و رۆشتن و بڵاوبونەوە و وەك میکانیزم بۆ دەربرینی خواست و داواکاریەکانیان.

---

[5]- انظر, مجموعة من المؤلفين , المنجد , ص482.

**تـەوەری دووەم / گرنگی چەمكی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی:**

**یـەكەم / گرنگی مافی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە.**

**دووەم/ گرنگی ڕێپێوان و پەیوەندی بە دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤەوە.**

گرنگی و بایەخی خەباتی مەدەنی لێرەدا بەشێوەیەك دەردەكەوێت كە پەیوەندێكی ڕاستەوخۆی بە مافی ڕادەربڕین و دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤەوە هەیە و بە هیچ شێوەیەك لێك جیاناكرێنەوە و لەگەڵ مافی هاوڵاتی بوندا پەیوەندێكی ڕاستەوانە لەنێوانیاندا هەیە و بەم شێوەیە یە:

هەتاكو كۆمەڵگا پێشكەوت و گەشەسەندو بێت مافەكانی هاوڵاتی زیاتر دەستەبەر بن ئازادی مافی ڕادەبڕین و زیاتر دەبێت و مرۆڤەكان زیاتر مافە یاسایی و دەستوریەكانیان دەستەبەر دەبێت و ئەمەش وا دەكات زیاتر بتوانن داوای مافی ڕەوای خۆیان بكەن و بەرهەڵستی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەش ببنەوە كە زیان بە مافەكانیان دەگەیەنێت.[6]

**یـەكەم / گرنگی مافی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە :**

مەبەست لەم پەیوەندیە دەستەبەر بونی ئازادی و ماف و توانایی ڕادەربڕینە بۆ هەر مرۆڤێك و بە هەر هۆكارێك لە هۆكارەكان بتوانێت پەیڕەوی ئەو ئازادیەیی یان ئەو مافەی خۆی بكات جا ئەو میكانیزمەی بەكاری دەهێنێت زمان بێت یان بە نوسین و نامە یان لە ڕێگەی میدیا و دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بێت ، ڕادیۆ ، تەلەفیزۆن ، شانۆ ، سینەما ، یان كۆمینەكەیشنی مۆدێرنە لە تۆڕەكانی ئەنتەرنێت .... هتد

لێرەوە دەردەكەوێت كە مافی ڕادەربڕین و خەباتی مەدەنی لە مافە سەرەتایی و بنەڕەتیەكانە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە كەسایەتی مرۆڤەوە هەیە و بە دایكی سەرجەم ماف و ئازادیەكان ئەژمار دەكرێت ، ئەمەش وا دەكات لە سەرجەم گۆڕانكاری و پرسەكاندا ڕاوبۆچونی تایبەت بە خۆی هەبێت و هەموو كات بیروڕا سیاسی و فەلسەفی و ئاینی و نەتەوەی و نیشتمانیەكانی بخاتە ڕوو بە شێوەیەك زیان بە ماف و ئازادیەكانی كەسانی تر نەگەیەنێت بێگومان ئەمەش كەسایەتێكی ناوازە و جیاواز بە مرۆڤ دەدات .[7]

مافی ئازادی ڕادەبڕین وا بەستەیە لەگەڵ هەندێك مافی دیكە كە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ مرۆڤ وەك مافی ئازادی ئاینی و سروتە ئاینیەكان و ئازادی ڕۆژنامە گەری و مافی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی.[8] بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین كە مافی

6- د. جبران مسعود , معجم الرائد , بدون رقم طبعة , دار العلم للملائين , بيروت , بدون سنة طبع , ص330

7- د. حميد حنون خالد , حقوق الأنسان , الدار الجامعية للطباعة و النشر و الترجمة , بغداد , سنة طبع 2013 , ص 84-85 .

8- د. فالا فريد , حماية الحقوق و الحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية و الجنائية للسلطة التنفيذية ( النظام البرلماني نموذجآ ) , الطبعة الأولى , مطبعة شهاب , أربيل 2009 , ص 97 .

ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی یەکێکە لە فاکتەرە هەرە سەرەکیەکانی بەرجەستەبوونی کەسایەتی مرۆڤ و بە هەمان شێوە گرنگی و کاریگەریکی زۆری هەیە لە گەشەکردن و ڕاستکردنەوەی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنی بۆ سەر ڕێگای ڕاست و پێشکەوتن و ووشیارکردنەوە جا بۆمرۆڤەکان میکانزمەکە خۆنیشاندان و ڕادەبڕین و گردبونەوەیە و بۆ کۆمەڵگاش فاکتەری ووشیارکردنەوە و ئاگاداری و چاکسازی و گەشەکردن و پێشکەوتنە جا بۆیە ستەمە و ڕاست نیە هەر کۆت و بەندێك بخرێتە بەردەم ئەم مافە زۆر گرنگ و کاریگەر و کارایەیی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا ، چونکە سەرلەبەری ئەم پرۆسەیە لە قازانجی تاك و کۆمەڵانی خەڵکدایە.[9]

دیارە مافی هەر مرۆڤێکە زۆر بە ئازادی بیرو باوەڕ و ئایدیا و بۆچونەکانی بخاتە ڕوو بەبێ ئەوەی زۆری لێ بکرێ یان هەڕەشەی ئاراستە بکرێ هاوکات هەموو ئازادیەکی هەیە پەیوەندی بکا بە کۆمەڵانی خەڵکەوە لە سەرجەم پرسەکاندا و بیرورا بگۆڕنەوە بەمەبەستی ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو گەشەسەندن و پێشکەوتن لە هەر هەلومەرجێکدا بێت یان بە هەر میکانیزمێك کە خۆیان پێیان باشە جا ئەو میکانزمە نوسین بێت یان لە چوارچێوەی کارێکی هونەری یان هەر شێوازێکی دیکە کە کۆمەڵانی خەڵك بە باشی دەزانن و باوەڕیان پێیەتی .[10]

جا بۆیە هەموو مرۆڤەکان مافی بیرکردنەوە و گەلاڵەبونی ڕاو بۆچونەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ سەرجەم پرسەکان هاوکات مافی دەربڕین و گەیاندنی هەمان بیرو بڕوایان هەیە بە کۆمەڵگا ، بێ هیچ ترس و دڵە ڕاوکێك ، ئەمەش دیارترین تایبەت مەندیەکانی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤە لە کۆمەڵگادا و بناغەی گەشەکردن و خۆشگوزەرانیە.[11]

بێگومان ئەم مافەش دەبێت بە یاسا پارێزراو بێت داکۆکی لێ بکرێ ، ئەرك بەرپرسیاریەتی جومگەکانی دەوڵەتە کار بۆ دەستەبەرکردن و ڕێزگرتنی ئەو مافانە بۆ هاوڵاتیان بکات و هیچ کۆت و بەندێك نە خاتە ڕێگای ئەم کارە سودبەخش و گرنگ و کاریگەرە ئەرکی دەوڵەتە کە بە ڕاستی شەفاف بێ و زانیاری پێویست بڵاوکاتەوە سەبارەت بە پرسەکان بۆ هاوڵاتیان مافی هەموو هاوڵاتیەکە کە داتاو زانیاری پێویستی لە بەردەستا بێت ئەمەیە چاکسازی ڕاستەقینە و پەیڕوکردنی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ حکومڕانی شایستە چونکە دیموکراسیەت و ئازادی دەستەبەر نابێت ئەگەر هاوڵاتیان شەفافانە داتاو زانیاری پێویستیان لە بەردەست نەبێت بۆ تاوتێکردن و بڕیاردان لەسەر پرسەکان لە مەی پێشەوە ئاماژەمان پێکرد کە ئازادیەکان و مافی خۆپیشاندان و ڕادەبڕین ئەسڵەو کۆت و بەند بۆ دانانی بۆ حاڵەتی تایبەتە و پێویستە بەیاسا ڕێك بخرێت بۆ نمونەی لە یاسایی فەرەنسیدا هەموو جۆرە گوتارێك یان نوسینێك ڕق و

---

9- حكم المحكمة الدستورية العليا في مصر , 1995/5/20 نقلاً عن د. حميد حنون خالد المصدر السابق , ص 85.

10- المادة (19) من الاعلان العالمي لحقوق الأنسان , المادة (2/19) من العهد الدولى الخاص بالحقوق المدنية و السياسية , المادة (10) من الاتفاقية الاوروبية لحقوق الانسان , المادة (9) من الميثاق الافريقي لحقوق الانسان الشعوب .

11- د. محمد يوسف علوان و د. محمد خليل موسى , القانون الدولى لحقوق الانسان , الحقوق المحمية , الجزء الثاني , دار الثقافة , عمان , 2007 , ص 277.

قین توندو تیژی تائیفیەتی ئاینی و مەزهەبی بلاوبكاتەوە قەدەغەیە و هەر بۆچونێك تاوانەكانی جینۆسایدی بە كۆمەڵی گەلی جولەكە لەلایەن نازیەكانەوە بە درۆ بخاتەوە قەدەغەیە.[12]

**دووەم/ گرنگی ڕێپێوان و پەیوەندی بە دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤەوە**

وەك دەوترێت سەدەی بیست و یەكەم سەدەی دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤ گەیشتنی گەلانە بە مافە ڕەواكانی خۆیان جا مافی سیاسی بێت یان ئابوری یان كۆمەلایەتی یان خزمەتگوزاری ئەمەش بنەماكانی پێشكەوتن و شارستانیەتە مرۆڤی ئەم سەدەیە وەك سەدەكانی پێش و نیە و لە مافەكانی خۆی بێدەنگ نابیٚ و خواستەكانی دەخاتە ڕوو بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی دەدات دەبێت مافی ژیان و مافی قسەكردن و ڕادەبڕین و هەڵبژاردنی سەرۆك و سەركردەو و بەڕێوەبەرانی حكومەت و پەرلەمان و هەموو جومگەكانی دەوڵەتی هەبێت هاوكات مافی چاودێری هەیە و ئەتوانیٚ لەسەر كار لاینبات خۆ ئەگەر بۆی نەكرا مافی خۆپیشاندان و ڕێپێوان و گردبونەوەی ئاشتیانەی دوور لە توندوتیژی هەیە و ئەتوانێت ئەندام بێت و پەیوەندی بەڕێكخستنی پارتەكان و ڕێكخراوە پیشەی و جەماوەریەكانەوە بكات.[13]

جا بۆیە ئەگەر دیموكراسیەتێك لەسەر بنەمایی ئەقلانی دروست نەبیٚ و گرنگی تەواو بە هاوڵاتیان نەدا و دیموكراسیەتێكی كەم كورت و ساختە و ناتەواوە بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمایی زانستی و ڕاستی بنیاد نرابێت بەتواناترە لە دەستەبەركردنی دادپەروەری و یەكسانی لە بوارەكانی ڕامیاری و مافەكانی مرۆڤ و بواری ئابوری و كۆمەلایەتیدا پێویستە دیموكراسیەت بە شێوەیەك بێت كە دەوڵەت بە تەواوی بێلایەن و دادپەروەر بێت لە نێوان تەواوی مەزهەب و خێڵ و سەرجەم جیاوازیە كۆمەلایەتیەكاندا و هاوسەنگی ڕابگرێت و پێویستە هەموو ستراتیج و ئامانجەكانی بۆ مرۆڤ و لە پێناو مرۆڤ بێت چونكە كاراكتەری ڕاستەقینەی سەرجەم ڕووداو گۆڕانكاریەكان مرۆڤ خۆیەتی ، دیارە مەبەستمان لێرە مرۆڤی كاراو گەشبین و داهێنەرە نەك مرۆڤی بیٚ تواناو بیٚ بكاك ئەبیٚ ئەوەش بلێین كە دیموكراسیەتیش عاسای سیحری پیٚ نیە لە شەو ڕۆژێكدا سەرجەم كێشەكان چارەسەر بكات بەڵكو باشترین شێوازێكە كە مرۆڤ پەیی پیٚ بردبێت بۆ سیستەمی حكومڕانی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی كۆمەلانی خەڵك.[14]

---

12- المركز الفلسطيني لحقوق الانسان , دراسة في حرية الرأي والتعبير و الحق في التجمع السلمي في ظل السلطة الفلسطينية - الضفة الغربية وقطاع غزة , 2004 , سلسلة دراسات (6) ص6. المتاح على العنوان الالكتروني التالي www.pehrgaza.org

13- فادى كحلوس , مقال حول الديمقراطية وحقوق الانسان (موقع الحوار المتمدن) المتاح على العنوان الالكتروني التالي : 20/2/2015.ntml.10http: pagaes .infint.net /moubayed/chap

14- الديمقراطية و حقوق الأنسان , اسس وركائز وتطبيق الديموقراطية , متاح على العنوان الألكتروني التالي : 2015/2/20.html 10pagaes : in fint.net /mounayed/ chap

دیارە دیموکراسیەتیش بەردەوام پێویستی بە نوێ بونەوە و گفتوگۆی کراوە هەیە دەبێت هەمیشە لەگەشەکردندا بێت میکانزم و فاکتەری نوێ و جیا جیا بدۆزێتەوە بۆ چارەسەکردنی حکومڕانی و سەرجەم پرسەکانی کۆمەڵگا وە پێویستە گەشە بە تواناکانی مرۆڤ بدرێ و بکرێتە هێزێکی مرۆی کارا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی مرۆڤایەتی و تۆکمەکردنی پەیوەندیەکانی لەسەرجەم بوارەکانی هزری و معریفی و زانستی دا و زاڵ بوون بەسەر کێشەو گرفتەکاندا.[15]

### تەوەری سێیەم/ مێژووی ڕێپێوان لە کوردستان و ئاستی خواست و داواکاری هاوڵاتیان

کۆمەڵگەی کوردستانی لەم بوارەدا تایبە تمەندی خۆی هەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی 1991، هەرچەندە پێش ئەم بەروارەش لە ساڵی 1987 لە شاری هەڵە بجە خۆپیشاندان کرا دژی ڕژێمی بەعس کە بە ڕووخانی چەند گەڕەکێکی ئەو شارە و شەهیدبوونی ژمارەیەك لە هاوڵاتیان کپ کرایەوە. دوای ڕاپەڕینیش لە گەرمیان سەریهەڵدایەوە و خەڵکی خۆپیشاندەر دژ بە لایەنێك ڕێپێوانیان کرد بەهۆی هەندێك یارمەتی و خزمەتگوزارییەوە کە ئەو لایەنە هاوڵاتیانی لێ بێبەش کردبوو، یارمەتیەکە درابوو بە کادر و ئەندامەکانی خۆیان، خۆپیشاندانەکە توندوتیژی لێکەوتەوە و بە سوتاندنی ئۆتۆمبێلێکی لایەنەکە و برینداربوونی شۆفێرەکەی کۆتایی پێهات. هاوکات لەشاری هەڵە بجەش سەریهەڵدایەوە بەڵام ئەم خۆپیشاندانانە خۆرسکی و سادە بوون و تەنها خواستی خزمەتگوزاریان هەبوو، بەڵام دواتر کە شەڕی ناوخۆ سەرهەڵدەدات، جۆرێك لە مت بوون تووشی ئەم پرۆسەیە دەبێت و هەرکەس ئەم کارە ئە نجام بدات بە نەیار تەماشادەکرێت و تۆمەتی خیانەتی دەدرێتە پاڵ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە واتە دوای 2003 گەشەکردنی کۆمەڵگە و چاوکراوەیی زیاتر هەستی پێدەکرێت و لە ساڵی 2005 لەشاری هەڵە بجە خۆپیشاندانێکی گەورە دەکرێت و تورەیی هاوڵاتیان دەگاتە ئاستێك مۆنۆمێنتی هەڵە بجە دەسوتێنن و بەڵام دواتر ئەمیش کپ دەکرێتەوە، هەرچەندە پێشتریش لە شاری کەلار لە 2003-2004 بەهۆی بەرزی پلەی گەرما و نەبوونی کارەباوە خۆپیشاندان دەستپێدەکاتەوە هاوکات لە شاری دەربەندیخانیش بەهەمان شێوە کە تیایدا ژمارەیەك لە خەڵك دەستگیرکران و دواتر ئازادکران. ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی هەلومەرجێکی نوێ درووست دەکات و ئاستی خواستی هاوڵاتیان لە کوردستان گەشەدەکات و ئەمجارەیان ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا سەرهەڵدەدات و خەڵك داوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی دەکەن کە ڕووداوەکانی 17 ی شوبات و ڕۆژانی دوایی لێدەکەوێتەوە کە ماوەی 40 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و بەڵام فشاری ئەمجارە لایەنەکان ناچاردەکات کە شێوازی فەرمانڕەوایی 50 بە 50 بگۆڕێ و سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمجارەیان بدرێ بە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام دوای 2013 و هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی نوێ ئۆپۆزیسیۆن دەبێتە بەشێکی دەسەڵات و کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات کە ئەویش کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمە، کە ئەویش کۆمەڵێك گرفت و خۆپیشاندان بەدوای خۆیدا دێنێت. دوای ڕووداوەکانی 2014 و شەڕی داعش، ئەم پرۆسەیە تووشی وەستان دەبێت و دەسەڵات دووبارە مل نادات بۆ خواستی شەقام بەبیانووی شەڕی تیرۆر. دیارە قەیرانی ئابووری هەرێم و شەڕی داعش و بڕینی مووچەی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغداوە لێکەوتەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی مامۆستایان و

---

15- فادی کحلوس , المصدر الالکترونی السابق.

فەرمانبەران بوو. پێمواية شێوازێکی شارستانیانە و هێمنانە بوو بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانیان کە لابردنی پاشەکەوتی مووچە بوو. ئەووەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە خۆپیشاندەران ئەمجارەیان ڕێگە نادەن هیچ لایەنێکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆی سواری شەپۆلی نارەزایی هاوڵاتیان و مووچەخۆران بێت و بەخۆڕسکی دەردەکەوێت و دەسەڵات ناچار پشتگیری دەکات. گریمانەی ئەم مێژووە لەوەدایە لەکاتی شەڕدا پرسی خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی شکست دێنێت و هیچ دەستکەوتێك بۆ هاوڵاتی بەدەست نایەت، بەڵام بە پێچەوانەوە لەدۆخی ئاشتیدا هاوڵاتی زیاتر چاوکراوە دەبێت و بەبوێریەوە داوای مافەکانی دەکات.

**باسی دووەم/ کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان و مەرجەکانی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و خۆپیشاندان.**

**تەوەری یەکەم/ کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان .**

**تەوەری دووەم / مەرجەکانی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و خۆپیشاندان.**

**تەوەری یەکەم/ کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان**

یەکێك لەو چەمکانەی کە زۆر پێناسەو تێڕوانین و دید و بۆچوونی هەمە جۆر لەسەری هەیە بریتیە لە کۆمەڵگای مەدەنی. ئەم چەمکە پێشینەیەکی دێرینی هەیە ڕەنگە بتوانین پێشینەیی بە هاوتای پێشینەیی فەلسەفە لە قەڵەم بدەین . بۆ نمونە لە ئەدەبیاتی سیاسی ڕۆمانیدا بە مانای ( کۆمەڵگەی هاوڵاتیان ) هاتووە . بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەم چەمکە هاوواتایەکی فراوانی لەخۆگرتووە.[16]

کۆمەڵگای مەدەنی لە سیستەمی فراوانی ڕێکخراوە ڕەسمی و نارەسمیەکان پێکهاتووە ، ئەم سیستەمە بریتیە لە گروپی ئابوری ، فەرهەنگی ، نەتەوەیی ، نەژادی ، فێرکاری ، ئاگادارکردنەوە ، خاوەن نفوز ، فراوانخوازی ( ئەو گروپانە ڕێکخراوانەی کە بۆ باشکردنی ژێرخان و ژیانی گشتی هەوڵ دەدەن ) هەروەها ئەو گروپانەی کە سۆزیان بۆ هەندێ مەسەلە هەیە ، لە باتی بزاوت یان گروپەکانی پەیوەست بە ژینگەوە ، چەك داماڵین ، ژنان ، پشتیوانانی بەکاربەران ، بەرهەمهێنەران ، گروپە مەدەنیەکان ، چاپەمەنی و ئەو دەزگایانەی کە بۆ چاککردنی سیستەمی سیاسی و دیموکراتیزەکردنی کار دەکەن ، لە ڕێگەی فێرکردنی دەنگدەران ، جۆشدارانی گشتی ، چاودێری دەنگدان ، هەڵوێست بەرامبەر گەندەڵییەکان..هتد جگە لەمانەش ، کۆمەڵگەی مەدەنی بازاڕی ئایدیۆلۆژێك ( ڕەوتی زانیاری و ئەندێشە ) دەگرێتەوە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ ، دەزگاکانی تایبەت بە خستنەڕووی چالاکیە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان ، زانکۆکان ، بڵاوکراوەکان ، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی فلیم تۆڕە هونەهونەرییەکان دەگرێتەوە.[17]

---

[16]- کارل پۆپەرو ئەوانی تر , عەقل و هەست , و: محمد کریم , چاپی یەکەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2005ز ,ل17.

17- هەمان سەرچاوە , ل 167

لێرەدا حەز دەكەین كرۆكی باسەكان دەورو خولی ڕێكخراوە ڕەسمی و ناڕەسمیەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بدات ، بۆیە لە پێناسەی ڕێكخراوە شۆڕ دەبینەوە نێو مەبەستەكەمان....

ڕێكخراو ( Organization ): یەكەیەكی كۆمەڵایەتیە بۆ ئامانجێكی دیاریكراو پێكهاتووە . ڕێكخراوەكان لە ڕووی مێژووی سەرهەڵدانیانەوە زۆر كۆنن لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزادەوە سەریان هەڵداوە. چونكە مرۆڤ بە تەنیا و جیا لە خەڵكی هەرگیز نەیتوانیوە بژی ، بۆیە بۆ مانەوە و بە دیهێنانی پێویستیەكانی هەر دەبێ لە ڕێكخراوێكدا بێت ، بە درێژایی ژیانیشی لەگەڵیدا هەڵبكات ، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو لە چەند ڕێكخراوێكدا دەژی و لەگەڵ كۆمەڵدا مامەڵەی لەگەڵدا دەكات.[18]

هەر ڕێكخراوێك ، بچوك یان گەورە ، لاوەكی بێ یان سەرەكی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی لە ئەستۆدایە ., چونكە بوون و سەركەوتنی بەندە بە كۆمەڵگە یان ئەو ژینگەیەی تیایەتی . هەر بۆیەش بەشدار بوون لە پێشكەوتنی كۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی ، گرتنە بەرچاوی بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندی كەسی ، بەرگریكردن لە پێویستیەكانی كەسانی نێو ڕێكخراو ، بە دەستەبەركردنی مانەوە، بە دەست هێنانی ئەو ئامانجانەی كە بونەتە هۆی دروستبونی ئەو ڕێخراوە لە ئەستۆدایە.[19]

دیارە وەك ئاماژەمان كۆمەڵگەی مەدەنی بە كۆمەڵگەی ڕێكخراوەكان ناسراوە ئەو (ڕێكخراوانەش لە ڕێگەی خەڵكەوە دامەزراون و پێكهێنراون ، هەیانە ڕەسمیە و حكومیە ، وە هەم ناڕەسمی و ناحكومیشیان تێدایە واتە ئەهلی و سەربەخۆی )[20] . لێرەشدا بە باشی دەزانین پێناسەی هەر یەكەیان بكەین:

ڕێكخراوی ڕەسمی Formal organization:

ئەم ڕێكخراوە بە پێی یاسای ڕەسمی پێكهاتووە واتە دەكرێ پێكهێنانی بە پێی یاسایەك بێت وەك بانكی سەرەكی ، یان وەزارەتی پەروەردە ، یان دەكرێ بە بڕیارێكی ڕەسمی بێت وەك مۆڵەتی دامەزراندن یان فەرمانی كارگێڕی هەر دەزگایەك كە بیەوێ لقێكی نوێ بكاتەوە ، یان فەرمانگەیەكی نوێ دابمەزرێنێ پەنا دەباتە بەر ڕەسمیات.

ڕێكخراوی ناڕەسمی Informal organization:

ئەم گروپانە لە ئەنجامی مامەڵەی نێوان خەڵكی و لە خۆوە پێكدێت ، كە بریتیە لە قەوارەی جیا جیا هەمان تایبەتمەندی ڕێكخراویان هەیە ، بەلام ناسنامەیەكی ڕەسمیان نییە. چەندین هۆ هەن بۆ پێكهێنانی ئەم ڕێكخراوانە لەوانە ( ئارەزووی چوونە ناو كۆمەڵگان بۆ دەستەبەركردنی هێمنی و ئاسایش و پاراستن و دەستكەوتنی چەند ئاكاری

---

18- ڕەفیق سالح , بەڕێوەبردن و ڕێكخراو , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , ژمارە 31 , بەشی ڕوناكبیری (ی.ن.ك) , سلێمانی ,2003ز , ل 141.

19- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

20- ئاسۆ جەبار , كۆمەڵگای مۆدێرن , چاپخانەی تیشك , سلێمانی , 2004ز , ل 3.

ڕێژەیی، ئامۆژگاری ، ڕێنوێنی ، نزیکبونەوە لە خاوەن دەسەلاتەکان ، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە ڕێکخراوە ڕەسمیەکان بۆیان پڕ ناکرێتەوە ....هتد

دیارە هەریەك لەم ڕێکخراو و ئۆرگانانە ( چ بۆ ڕەسمی و حکومی چ نارەسمی تایبەتی) کاریگەریەکی تەواویان لەسەر تاك و لەسەر کۆمەڵگە هەیە، بە جۆرێك کە شوێنەواری هەمە جۆری سیاسی ، ئابوری ، کۆمەلایەتی ، ڕۆشنبیری و لەسەریان جێدەهێڵن.

هەر چەندە جیاوازی بنجی لە شێوازی ئیشکردن و ئامانج و دەستەبەرکردنی ڕای گشتی لە کۆمەڵگا لە نێوانیاندا ئادەگی هەیە ، هەرچی ڕێکخراوە ڕەسمی و حکومییەکانن بە تێکڕا کاریگەری ڕای گشتییەوە ، ڕێکخراوە ڕەسمی و حکومیەکان بایەخ و گرنگی تەواو دەدەن بە ڕای گشتی ، هەوڵی خستنە گەڕی دەدەن بە گرتنەبەری میکانیزمەکانی هۆشیارکردنەوەی تاك و جەماوەر بە پێدانی مەعریفەی ڕوون و تەواو لەسەر کێشە هەنووکەییەکان و بابەتە هەمە چەشن و گشتگیرەکان چونکە تا جەماوەر هۆشیارو بە ئاگابێت ، مەعریفەی بەسەر کێشە و بابەتەکاندا زیاتر بشکێتەوە اکتر دەتوانێت ڕای خۆی لەسەریان دەربڕێ قسەیان لەسەر بکات، چونکە مومکین نی یە، کە جەماوەر لەسەر شتێك ڕای خۆی باس بکات کە مەعریفەیەکی لە بارەوە نەبێت!

هەر ئەمەشە خودی حکومەتیش زۆر جار دام و دەزگاکانی وەك میکانیزمێك بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی جەماوەر لە زانیاریەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت تەنها ڕۆڵی خۆی لە بواری ئاسایش و پۆلیسدا کورت نەکردۆتەوە ، بەڵکو هەستاوە بە پێدان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و زیاتر کردنی بەرهەم لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك. لەمەشدا تەنها مەبەستی ئەوە نییە کە پشتگیری گەل بۆ خۆی دەستەبر بکات ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە گەل و جەماوەر وا لێبکات کە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ ڕۆڵ ببینن لەو نەخشەو پلانانەی کە لە باوەڕو ئایدیای ئەوەوە دێنە دەرەوە.[21]

واتە بە جۆرێ لە جۆرەکان ڕای گشتی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ کە پشتگیریەکی گەورە دەبێت لە خۆی و کردەکانی ، ئەمەش لەو دۆخەوە دروست دەبێت کە تەکنەلۆجیاو میکانیزم و هۆکارە هەمە جۆرەکان لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدان ، ئەوانەی کە دەتوانێت ڕای گشتی پێیان ڕابکێشێت . ! بۆیە دەتوانرێت بوترێت ڕێکخراوە ڕەسمی و حکومەتیەکان و دام و دەزگا حکومیەکان دەتوانن ڕۆڵی گەورە ببینن جا چ پۆزەتیڤ یاخود نێگەتیڤ!!

ڕێکخراوە نارەسمیەکان:- بریتیە لەو ڕێکخراوە لاوەکیانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان ، ئەم ڕێکخراوانە زۆرجا بەهۆی جۆری جموجوڵەکەیان دەتوانن جۆرێك لە ڕەفتار بنوێنن کە بەهۆی گرنگی ئەو کردەیانەوە ، ناویان بخرێتە سەرباری کردەکەیان کە ئەویش کردەی گوشارە لەسەر دەسەلاتدارو بەرپرسان بە گروپ و کۆمەڵێ فشار ناو ببرێن ،

---

21- ڕەفیق سالح , بەڕێوەبردن و ڕێکخراو , سەرچاوەی پێشوو , ل 142.

وەك وتمان ئەم ناولێنانە بۆ كاریگەری ئەو گروپانەیە گوشار و پەستانەكەیان كە پراكتیزەی دەكەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەكانیان ، ئەو گروپانەش شێوازی فشارەكەیان جیاوازە هەیانە پچڕ پچڕە ، هەشیانە زۆر هەندێ بەردەوامە. دیارە ئەم ڕێكخراوو گروپانە لە ژێر سایەی دەسەلاتێكی دیموكراسیدا دروست دەبن و كار بۆ هێنانەوەی قازانجی خۆیان دەكەن، بەهۆی بە تواناییان كاریگەری خۆیان لەسەر بڕیار و كاروبارە سیاسی و ئابورییەكان جێدەهێلن هەرچەند ئەو كاریگەریانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ،نا ڕەسمین .[22] هەندێ لە بیرمەندانی ڕۆژئاوا لە نێوانیاندا بیرمەندی فەرەنسی (ژان مینو) پێی وایە كە گروپەكانی گوشار دەبن بە دوو بەشەوە ، ئەو بەش و جۆرانە بە پێی ئامانجەكان كە ڕۆلی گەورە دەگێڕن ، ئەوانیش:

1- **ڕێكخراوە پیشەییەكان:**- ئەمانە ئەو گروپانەن كە كار بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوندی بۆ ئەندامەكانیان دەكەن ، دەیانەوێت خۆشگوزەرانی بۆ ئەندامانی ڕێكخراوەكەیان دەستەبەر بكەن ، ئەندامانی ئەم گروپە زیاتر لەیەك گروپی پیشەیین و سەندیكاكانی كرێكاران و خاوەنە پیشەییەكان و بەرهەمێنەرەكان لەم جۆرە ڕێكخراوانەن.

2- **ئەو كۆمەلّ و تاقمانەی كە خاوەنی ئایدیۆلۆژیان:**- دەیانەوێت لە ڕێگەی هەلّوێستی فیكری و ئەخلاقیەكانەوە بەرژەوەندییەكانیانەوە بپارێزن ، گروپە ئاینی و ئەخلاقی و نیشتمانیەكان و پارێزەرانی ژینگە و مژدە بەخشان و گروپەكان مافی مرۆڤ و پارێزەرانی بالّندە و گیانەوەرە دەگمەنەكان لەم گروپانەن. هەرچەندە گروپەكانی گوشار لە دەرەوەی دەسەلاتی سیاسیدان بەلام هەولّ دەدەن سیاسەتە گشتییەكان ڕووە و خۆیان ڕابكێشن و وەك نێوەندێك لە نێوان حكومەت و هاولاتیاندا كار دەكەن ، بەلام لە ولاتە تۆتالیتارییەكاندا گروپەكانی گوشار و حیزبە سیاسیەكان وەك یەكیان لێدێت ، هەردووكیان هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ( لە هەندێ حالّەتیشدا توندوتیژی ) بەكاردەعێنن وەك ئەوەی لە كاتی دەسەلاتی نازیەكانی ئەلّمانیا و فاشیەكانی ئیتالیادا ڕوویدا ، لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت گروپەكانی گوشار كاریگەریەكی زۆریان لەسەر ڕای گشتی و حكومەت هەیە چونكە خاوەنی توانایەكی دارایی و جەماوەرین لەو ڕێگەشەوە كارئاسانیان بۆ دەكرێت تاوەكو كەنالّكانی ڕاگەیاندنیان بەكاربهێنن بۆ خستنەڕووی كێشەكانیان لە هەموو كات و شوێنێكدا ئەوەش دەبێتە هۆی هاوسۆزی ڕای گشتی ڕای گشتی لەگەلّیاندا ، گەر ئێمە سەرنجێك لە كۆمەلّگای كوردی بدەین واز لە بارودۆخە نا هەموارەكان و داگیركاری و بۆ دەولّەتی كوردی بە درێژایی چەندین سەدە بهێنین ، پێویستە ئەو بلێین كە جولانەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە دوای شكستهێنانی زنجیرەیەك شۆڕش و ڕاپەڕینی خوێناوی لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پێی نایە قۆناغێكی نوێی خەبات لەم قۆناغەدا ( هەستی نەتەوایەتی ) لە بیر و هەستی ڕۆشنبیری لاوانی كورد دروست بوو ڕەگی داكوتا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ یەكەمجار ڕێكخراوی سیاسی و جەماوەری پیشەیی سەریانهەلّداوە ، زۆر لاوان و

---

22- زاهر زەكار , گروپەكانی فشار و كاریگەریان لەسەر ڕای گشتی , و: مجید سالّح , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , بەشی ڕوناكبیری , مەكتەبی ڕێكخستنی (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل 107.

ڕوناكبیران نیشتمانپەروەرانی كورد ڕوونكردۆتەوە كۆڕی سیاسەتەوە.[23] سەرەتا ئەو ڕێكخراوانە هەوڵ و تەقەلاكانیان بۆ دوو بوار خستە گەڕ

یەكەم/ خەبات لە پێناو گەیشتن بە مافە نەتەوەییە ڕەواكانی گەلی كورد.

دووەم/ ناساندنی كێشەی كورد بە گەلانی جیهان لە ڕێگای خەباتی دیبلۆماسیەوە.

ئەو كۆمەڵ و ڕێكخراوە جۆربەجۆرانە كە ئاماژەمان پێدان ئەگەر چی لە ژێر ڕووپۆشی ( كۆمەڵەو ڕێكخراوانەی كۆمەلایەتی زانستی ، ئەدەبی ، ڕۆشنبیری ، وەرزشی و .... هتد ) خۆیان نواندووە بەڵام مەبەستی سەرەكیان خزمەتی پرسی ڕشەوای گەلەكەیان بووە. دیارە تا شۆڕشی (1958 ) لە عێراقدا هیچ كام لەمانە نەگەیشتنە ئاكامی سەركەوتن و ئامانجەكانی خۆیان بهێننەدی .

پاش ئەوەی (عبدالكریم قاسم ) لە 14ی تەموزی 1958ز بە كوردەتایەكی سەربازی جڵەوی حوكمی گرتە دەست ، لە دوای بڵاوبونەوەی ڕاگەیاندنی دەستوری لە عێراقدا بە لێنیدا كە مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بكات پاشان ڕاگەیاندنی ( یاسای ئەنجومەنی عێراق ) كە لە ژێر سایەیدا چەندین ڕێكخراوی سیاسی و پیشەیی و جەماوەری سەریانهەڵدا، بەلێنی ئازادانە ( كاری سەربەخۆكردن ) یان پێدرا.[24]

بە درێژایی ئەو ماوەیە تا ( بەهاری ساڵی 1991 كە گەلی كورد ڕاپەڕی) دەسەلاتدارە یەك لە دوای یەكانی عێراق ئەو هەلەیان ئەڕەخساند بۆ خەڵكی عێراق بەگشتی و نە بۆ كورد بە تایبەتی تاوەكو ڕێكخراوە سیاسی و ڕەسمی و ناڕەسمی و پیشەییەكان ڕۆڵی خۆیان بێنن. ، بەڵكو حكومەتێكی دیكتاتۆری خۆی بەسەر واقیعدا فەرز كرد وایكرد هەردوو جۆرلە ڕێكخراوەكان لە كوردستان بە یەك میكانیزمی شۆڕشگێڕانە و بەكارهێنانی توندو تیژی دژی توند و تیژی خۆیان نواندوە . ، هەرچەندە كێ بەركێ و حیزبایەتی كردن، دژی یەكتر وەستانەوە ، شەڕی ناوخۆ ، ڕووبەڕووبونەوە ، نەكسەو ئاش بەتاڵ و سەرهەڵدانەوە..هتد

یەكێكی تر بووە لە سیما و ڕووخسارەكانی ڕێكخراوە سیاسیەكانی كوردستان (دیارە ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكانیش هەردەم سێبەری ئەمان بوون ، ( ئەوەتا لەگەڵ یەكەم كەرتبوونی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ دوو باڵ لە شەستەكاندا ڕاستەوخۆ ڕێكخراوە پیشەییەكانیش بوونە دوو بەشەوە ). ڕێكخراوە پیشەییەكان لە ژێر ئەو بارودۆخە نا هەموارەدا چۆنیەتی كاری مەدەنی خۆیان وون كرد بوو ، بوو بوونە پاشكۆی حیزب و كاری حیزبایەتی كردن بڵاوكراوەكانی ئەو كاتەشیان كە ئێستەش پارێزراوی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن ، بۆ نموونە لە بەڵگە نامەی ژمارە

---

23- محمد كەنگوڕی و ئەوانی تر , مەكتەبی ڕێكخستن (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل101.

24- شازین هێرش , ڕێكخراوە دیموكراسی و پیشەییەكان لە چەند بەڵگەنامەیەكی مێژوویدا , 1958 – 1968 , چاپی دووەم , ل5.

(3) ی لە 1958/12/25 دا لە لیژنەی قوتابیانی سلێمانیدا هاتووە ، لیژنەی قوتابیان دوا دەكات لە قوتابیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوورە نزیكەكان پێویستە . بە هەموو توانایەكمانەوە (ضبط و ربطى) پارتی بپارێزین و ئامۆژگاریەكانی ببەین بەڕێوە. هەروەها یەكێك لە بلاوكراوەكانی مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتی ئافرەتان لە (1963/10/1) دا هاتووە زروفی جۆربەجۆری كۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی و نیشتمانی ، كۆمەلانی خەلكی كوردستان وا دەخوازێ كە تەنیا پارتیەكی پێشڕەوبین ، پارتی مەچەكێكی پۆلایینە و ڕێكخراوەكانیش پەنجەكانیەتی ، ئەم مەچەكەش بە ئاشكرا خۆی لە ڕیزەكانی شۆڕشی كوردستاندا دەنوێنێ كە لە ( لاو ، قوتابی ، ماموستا و . ئافرەت .... ) پێكهاتووە.

وەك دەبینین سالی 1957 شۆڕشی كوردی دووچاری شكست هات كە حیزب سەرپەرشتی دەكرد و هەم ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەرییەكانی درێژكراوەی جەستەی حیزب ، دواتریش لەگەلّ سەرهەلدانی شۆڕش و دروستكردنەوەی پارتەكان و سەرهەلدانی چەندین پارتی سیاسی و نەتەوەیی لەمپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ ، ڕێكخراوە پیشەییەكان و جەماوەریەكان تا ئەندازەیەك حیزب وەك موتوربەكراوێكی خۆی چاندیەوە . لێرەو لەوێ كەم تا زۆر دەردەكەوتن ... بەهاری 1991 ڕاپەڕینی گەلی كورد ، تەقینەوەی ڕق و توڕەیی بە ڕووی ڕژێمی دیكتاتۆری بەعسدا ، ڕامالینی دەسەلاتی ڕژێم و دام و دەزگاكانی بارودۆخێكی نوێی هێنایە ئاراوە كە ئەركی پڕكردنەوەی بۆشاییە ئیداریەكەو قەرەبوكردنەوەی ژێر دەستی چەوسانەوەی بە ڕەخساندنی ئازادی و سەربەستی بۆ ڕۆلەكانی گەلی كورد كەوتە ئەستۆی پارتە سیاسیەكانی گەلی كورد ، ئەزمونێكی نوێ و مێژوویی بوو لە هەولە سەرەتاییەكاندا ، ئەركی دروستكردنی حكومەتی كوردستانیان كەوتە ئەستۆ ، لە 19/مایس /1992 هەلبژاردن ئەنجامدرا لە 1992/7/4 حكومەت پێكهێنرا كە خۆی لە خۆیدا گوزارشتێكی پێشكەوتوو بوو بۆ گەیشتن بە كۆمەلگەی مەدەنی ، ئەو ئەنجومەنە هەلبژێردرا كۆمەلێك بڕیاری گرنگی دەكرد، كە بەلگەی بە تەنگەوە هاتنی هێنانەوەی كۆمەلگەی مەدەنی بوون. وە ڕێوشوێنێكی نموونەیی بۆ بە دەستهێنانی ئاوات و خواستی هاولاتیان لەوانە یاسای ژمارە (17) ی سالی 1993ز سەبارەت بە پێكەوەنانی حیزب و ڕێكخراوە سیاسی ، هەروەها بڕیاری ژمارە (18) سالی 1993ز سەبارەت بە ڕێكخستن یەكێتی و كۆمەلە پیشەیی كلتوری و كۆمەلایەتیەكان.[25]

ئەمەش ڕێخۆشكەر بوو بۆ سەرهەلدانی دەیان ڕێكخراوی سیاسی و ڕێكخراوی پیشەیی و جەماوەری و كۆمەلایەتی ... بەلام سەرهەلدان و كەوتنە ڕووی ئەم ڕێكخراوانە وەك دام و دەزگایەكی كۆمەلگەی مەدەنی نەبوون ، بەلكو لەسەر ئەو بنەما فیكری و كلتوری و سایكۆلۆژیەی كە لە ڕۆشنبیر و سیاسیەكانی كورد ( كە لە واقیعە تالەكەی پێشویان تێوەی گلا بوون دەستیان پێكردەوە و درێژەیان پێدا ، ململانێی دەسەلات و لە نێو پارتە سیاسیەكاندا وایكرد كە ئەو

25- محمد خلیل ئیسماعیل , كۆمەلگەی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئتنیكیەكان لە عێراق , گۆڤاری سەنتەری لێكۆلینەوەی ستراتیجی , سالی 12, ژ.1 , سلێمانی , 2004ز , ل 21.

**زەروورەتە مێژوویە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریەی هاتبووە ئارا ، بایی ئەوەندەی سوودی لێ نەبینرێ (ترسی حیزبەکان لە گەورەبوونی یەکتر بەتەواوی گوازرایەوە بۆ شەڕ لە ناو ڕێکخراوەکان کۆمەڵگەی مەدەنی )[26] ئەمڕۆ کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەیان ڕێکخراوی ئافرەتان و قوتابیان و خوێندکاران و لاوان و مامۆستایان دەبینین ، هەریەکەشیان حیزبێکی لە پشتە ، هەر حیزبە و دەیەوێ هەیمەنەی خۆی بە تەواوی بەسەر کەناڵەکانی کۆمەڵگەدا بکات ، تەنانەت ئەمڕۆ بواری داگیر کراوە ، هیچ یانەیەکمان نییە بەسەر حیزبێکی دیاریکراو نەبێت کە ئەمەش زیان بە کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی دەگەیەنێ ، ( چونکە بەشدار دەبن لە کەرتکردن و لاوازکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ، بڵاوبونەوەی ڕق و کینە لە نێو کەسانی ڕێکخراوی جیاوازدا ).**

**بۆیە بەشێکی نوێ و نەبیستراو نییە کەر بوترێت (ژمارەیەکی زۆری ئەو دەزگایانەی کە لە کوردستاندا بە دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی ناودەبرێن دەزگای حیزبین و بە چەندان شێوە بەشێکن لەو تۆڕە دەزگایەی حیزب کە بەهۆیەوە دادەبەزێتە ناو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی )[27]**

**ئەم دەردەش بۆ خۆی هەموو بزوتنەوە و کۆمەڵایەتییەکانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە لێرەوە (هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیش لەم کوردستانەدا ناچارە هەم شەڕێکی لیبراڵیانە بکات ، هەم شەڕێکی مارکسیانە ، یەکەمیان ڕووی لە کۆمەڵگەو ئایین و ئەو سیستەمە ڕەمزییەیە کە فەردیەت لە مرۆڤ دەسەنێتەوە دووهەمیان ڕووی لە پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە کە ڕازی نین پانتاییەکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی فراوان بکەن ، یەکەمیان بە گژاچوونەوەی پەلاماری کۆمەڵگایە بۆ تاکە کەس دووهەمیان شەڕە لە بەرامبەر ڕۆحی مونوپۆڵخوازی دەسەڵاتی سیاسی .[28] لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی سیاسی و سیاسەتی کورد لە سیاسەتی حیزبەکاندا بەرجەستە بووە ، بزوتنەوە جۆراو جۆرەکان و گروپە هەمە شێوەکان خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆیان نەبوون بەڵکو سێبەری ئەم حیزب و ئەو حیزب بوون ، بۆیە هەرگیز ناتوانن گەشە بە خۆیان بدەن لەو چوارچێوەیەدا دەڕوانن ، کە حیزب بۆیان دیاریدەکات ڕۆحی کۆمەڵگەی مەدەنیان تێدایە نییە چونکە ئەو ڕۆحە ڕەخنەیی یە ، چاودێریکەرە فشارە ،گفتوگۆیان تێدا نییە لە دەزگاکاندا کە کارەکتەری مەدەنی دەبەخشن و دەیانکەنە دەزگاکانی مەدەنی ڕاستەقینە .**

**دواجار ووزە و توانای دروست کردنی ڕای گشتی ڕاستەقینەیان لە کۆمەڵگە هەبێ بەڵکو ئەو ڕایەی دروستی دەکەن ئەمڕۆ درێژکراوەی ئەو ڕایەیە کە حیزب نەخشەی بۆ کێشاوە و پێی دەوترێت ( ڕای حیزبی ).**

**تەوەری دووەم/ مەرجەکانی خۆپیشاندان**

---

26- محسین ئەدیب , پاش ڕاپەڕین و پرسەکانی کۆمەڵی مەدەنی , ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی , سلێمانی , 2001ز , ل 32.

27- مەریوان وریا قانع , شوناس و ئاڵۆزی , چاپی یەکەم , پاپخانەی ڕەنج , سلێمانی , 2004ز , ل164.

28- مەریوان وریا قانع , بەختەوەری و بێ دەنگی , چاپی یەکەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2003ز , ل188.

هەروەك ڕوونە ئەم مافە بەڕەهایی مومارەسە ناكرێ. لەمادەی (21) ی پەیمانی مافە سیاسی و شارستانییەكانی ساڵی 1966 دا هاتووە: "مافی كۆبوونەوەی ئاشتییانە مافێكی دانپێدانراوە. ڕەوا نیە كۆت و بەند لەسەر ئەم مافە دابنرێ تەنها بە پێی یاسا و وەك ڕێكاری پێویست نەبێ، لەكۆمەڵگەیەكی دیموكراتی بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، یان سەلامەتی گشتی، یان نیزامی گشتی، یان پاراستنی تەندروستی گشتی، یان پاراستنی ئادابی گشتی، یان پاراستنی مافی ئەوانی تر و ئازادیەكانییان." هەر بەم پێیەش یاسادانەری كوردستانی، لەیاسای ئاماژەپێكراو كۆمەڵێك مەرجی لەسەر خۆپیشاندەران و دەسەڵاتداران داناوە بۆ ڕێكخستنی ئەم مافانە كە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەكەین:

1- **ئاشتییانەبوونی خۆپیشاندان:** ئەمە بەیەكێك لە فاكتەرە سەرەكییەكانی هەر خۆپیشاندانێك دادەنرێت كە لە هەموو دۆكیومێنتە نێودەوڵەتییەكانی مافی مرۆڤ دا جەختی لەسەر كراوەتەوە و بەمەرجێكی جیانەكراوەی خۆپیشاندان دادەنرێت. ئەمە جگە لەوەی پاڵپشتی یاسایی بۆ خۆپیشاندان مسۆگەر دەكات، لەهەمان كاتیشدا مومارەسەكردنی كەلتوری لێبوردەیی، ئاشتیخوازی، یەكترقبوڵكردن، دان بەخۆداگرتن و قوڵتركردنەوەی فەرهەنگی دیموكراسییە. ئاشتیانەبوونی خۆپیشاندان هەردوولایەنی خۆپیشاندەران و پۆلیس دەگرێتەوە. یاسای خۆپیشاندانی كوردستان لەمادەی چوارەم/سێیەم ئاماژە بەم خاڵە دەكات و دەڵێ: "پێویستە خۆپیشاندانەكە ئاشتییانە بێ و دووربێ لەكاری توندوتیژی، هەڵگرتنی داواكاری بۆ هاندانی توندوتیژی و جیاوازی قەدەغەیە."

2- **قەدەغەبوونی چەك هەڵگرتن:** یەكێكی دیكە لەمەرجەكانی خۆپیشاندانی ئاشتییانە، هەڵنەگرتنی چەكە، چونكە هەڵگرتنی چەك دەبێتەهۆی ئەوەی كە خۆپیشاندان لەڕێڕەوی ئاشتییانەی خۆی دەربچێت و ئاسایشی گشتی و گیانی هاوڵاتیان بكەونە مەترسییەوە. هەروا هەڵگرتنی چەك پێچەوانەی ئامانج و پێویستیەكانی هەر كۆمەڵگەیەكی دیموكراتیە كە كار بۆ ئەوە دەكات دیالۆگ لەبری توندوتیژی جێگیر بكات. هەرچەندە لە دۆكیومێنتە نێودەوڵەتیەكان ئاماژە بەم خاڵە نەكراوە، بەڵام سیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و هەڵسوكەوتی دەوڵەتان، هەڵگرتنی چەكی لە خۆپیشاندان و كۆبوونەوەكان قەدەغەكردووە و هەر خۆپیشاندانێك كە چەكی تێدا هەڵبگیرێت، سیستەمی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێناكات. هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەڵگرتنی چەك دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی. یاسای خۆپیشاندانی كوردستان لە ماددەی حەوتەم ئاماژەی بەم خاڵە كردووە و هەڵگرتن یان لەخۆبەستنی چەك لەكاتی خۆپیشاندان قەدەغە دەكات تەنانەت ئەگەر مۆڵەتی یاسایی هەڵگرتنی چەكیشی هەبێت. هەروا هەڵگرتنی هەر ماددەیەكی تەقەمەنی یان ژەهراوی یان سوتێنەر لەكاتی خۆپیشاندان‌دا قەدەغەیە كەلەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هەڵبگیرێت و پۆلیس لەسەریەتی ڕێكاری یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیكاران بگرێتە بەر.

3- **قەدەغەبوونی هاندان یان بڵاوكردنەوەی ڕق و قین:** نابێت لە خۆپیشاندانەكان گوتە و دروشمی وا بەرزبكرێتەوە كە ڕق ئامێز بن و ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە و ناكۆكی لەنێوان پێكهاتە نەتەوەیی، ئاینی، ڕەگەزی و گرووپە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان، یاخود ڕێگە خۆش بكات بۆ هاندان و سەرهەڵدانی توندوتیژی، ڕق، جیاوازی، گرژی و ناكۆكی چەكدارانە.

ئەم جۆرە ڕەفتارە دەبێتەهۆی ئەوەی کە خۆپیشاندان لەئاڕاستەی ئاشتیانە و دیموکراتیانەی خۆی دەربچێت وە ڕق و قین لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبکاتەوە. سیستەمی نێودەوڵەتیش دژ بەم جۆرە ڕەفتارانە دەوەستێتەوە و لەماددەی (2/20) ی پەیمانی مافە سیاسی و شارستانێتیەکاندا هاتووە: "بەیاسا هەر جۆرە بانگهێشتکردنێك بۆ ڕقی نەتەوەیی یان ڕەگەزی یان ئاینی قەدەغەدەکرێت کە ببێتە هۆی هاندان بۆ جیاکاری، یان دوژمنکاری، یان توندوتیژی." پاڵپشت بەم بنەمایەش، یاسای خۆپیشاندانی کوردستان لەماددەی دووەم/بڕگەی سێیەم دەڵێ: "نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێکی دیاریکراوبێت بەهۆی ئاین، یان نەتەوە، یان ڕەگەز، یان هاندانی گروپێك دژی گروپێکی دیکە بێت."

4- **وەرگرتنی مۆڵەت:** یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆر مشتومڕی لەسەر دەکرێت، بابەتی پێویستیی وەرگرتنی مۆڵەتە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان. ئەوەی کە لە مافی کۆبوونەوە و خۆپیشانداندا دەبێ بە بنەما وەربگیرێت، ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانە، کە دەبێ لە ڕێزین و بەربەستی کارگێڕی بەدووربێت. ڕەخساندنی میکانیزمی پێویست بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان، بەشێکە لە پابەندییە پۆزەتیڤەکانی دەوڵەتان و نابێ یاسا و ڕێسا کارگێڕیەکان لەم بارەیەوە ناڕەوا و ناداد پەروەرانە بن، دوور بن لە جەوهەری ئەم ئازادییە. دانانی یاسا و ڕێکارە کارگێڕیەکان لەم بوارەدا، دەبێ بە نیازپاکیەوە ئەنجام بدرێت. دەوڵەتان لەبارەی خۆپیشاندان سێ شێوازی جۆراوجۆر دەگرنەبەر، کە بریتین لە: سیستەمی مۆڵەتی پێشوەختە، سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە، سیستەمی بەدواداچوونی پاشینە. هەریەك لەم سیستەمانە ڕێکار و میکانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیە و تێڕوانین و تێگەیشتنی دەسەڵاتداران لەجێگیرکردنی هەریەکەیاندا ڕۆڵی سەرەکی هەیە. زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت و سیستەمی بەدواداچوونی پاشینە لەحاڵەتی زیان گەیاندن پەیڕەو دەکەن. سیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت بە باش دەزانێت و داوا لە دەوڵەتان دەکات کە یاساکانی خۆیان لەم چوارچێوەیەدا ڕێك بخەن.

یاسای خۆپیشاندانی کوردستان لەم بارەیەوە داخراوترین سیستەمی هەڵبژاردووە کە ئەویش مۆڵەتی پێشوەختەیە، بە پێی ئەم یاسایە دەبێت لیژنەیەکی ڕێکخەری خۆپیشاندان هەبێت کە ژمارەیان لەنێوان 3- 5 کەسە و دەبێت (48) کاتژمێر بەر لە خۆپیشاندان بەداوایەکی نووسراو و واژۆکراو پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکەن بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی نووسراوەکە. وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئەگەر بۆی ساغ بووەوە کە خۆپیشاندان زیان بە سیستەم و ئاکاری گشتی دەگەیەنێت ئەوا دەبێ بەشێوەیەکی نووسراو داواکە ڕەت بکاتەوە و هۆکارەکەشی دیاری بکات. لیژنەش بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتکردنەوەکە بدات لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکەو دادگاش دەبێ لەماوەی (48) کاتژمێردا تانەکە یەکلایی بکاتەوە و بڕیارەکەش یەکلاکەرەوەیە. ئەگەر بێت و پاش (48) کاتژمێر لە پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان وەڵام نەدرایەوە ئەوا بە ڕەزامەندی دادەنرێت.

ئەم شێوازی ڕێکخستنی خۆپیشاندانە لە هەرێم هەروەك ئاماژەمان پێدا لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و شێوازی پەیڕەوکراو لە وڵاتانی دیموکراسی ناتەبایە. کاتی خۆیشی لە پەرلەمانی کوردستان مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەم بابەتە کرا

بەڵام دواجار بەم شێوەیە پەسەند كرا. لەواقیعی كرداریدا زۆرجار هاوڵاتیان بەشێوەیەكی خۆڕسك دەست بە خۆپیشاندان دەكەن و ڕێكارە یاساییەكان لەم بارەیەوە بێ كاریگەر دەمێننەوە. هەربۆیە ئاگاداركردنەوەی پێشوەخت شێوازێكی باشتر و گونجاوترە و لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەكاندا دەگونجێت.

5- **سنووردارکردنی ڕۆڵی پۆلیس لە خۆپیشاندانەکان:** ڕۆڵی پۆلیس لەکاتی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان زۆر گرنگ و کاریگەرە. بێگومان ئەوانیش دەبێ لەم بارەیەوە پابەندی یاسا و ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ بن. لە سیستەمە دیموکراتیەکان، پۆلیس پارێزەری ئاسایشی گشتی و ماف و ئازادی تاکەکانە، هەربۆیە دەبێ هێزێکی سەربەخۆ و جەماوەری بێت و لەبەرامبەر ڕەفتارەکانی خۆیدا وەڵامگۆ بێت. لەسیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، پۆلیس مافی ئەوەی پێ دراوە کە کرداری پێویست (بەر لە خۆپیشاندان) و پاراستنی ئاسایشی خۆپیشاندان و کۆنترۆڵی لە ڕاددەبەدەر و ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو توندوتیژی ببەن. بۆیە بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەو هێزانە شارەزایی پێویستیان بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و ئاسایش و کۆنترۆڵی کۆبوونەوەکان هەبێ. پێوەرە نوێیەکانی دەسەڵاتی پۆلیس ئیدی سەرکوت و توندوتیژی نیە، بەڵکو یاسا پارێزی، شەفافیەت، وەڵامگۆیی و بەردەستبوون و کرداری بەجێیە لەکاتی خۆیدا.

لەمبارەیەوە یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك ڕێسای داناوە. بە پێی ماددەی پێنجەم/بڕگەی دووەم، دەبێ دەزگاکانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن. هەروا بە پێی ماددەی حەوتەم/بڕگەی سێیەم دەربارەی هەڵگرتنی چەك لەلایەن خۆپیشاندەران، ڕێگە بە دەزگاکانی پۆلیس دراوە کە بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان ڕێکاری یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیکاران بگرنە بەر. بە پێی ماددەی هەشتەم، ئەگەر خۆپیشاندان لە ئامانج، یان کاتی دیاریکراوی خۆی دەرچوو، ئەوا وەزیر، یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، پاش ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندان، بۆی هەیە بڵاوە بە خۆپیشاندانەکە بکات. هەروا بە پێی ئەم ماددەیە، ئەگەر پۆلیس زەحمەتی بینی لە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، وێڕای ئەوەی داوایان لێکرا بەڵام هەر سور بوون، ئەوا بۆی هەیە هۆکاری ناوەڕۆك مەدەنی بۆ بڵاوەپێکردن بەکاربهێنێ. هەروا دەتوانێ ڕێکاری یاسایی بگرێتە بەر بەرامبەر بەوانەی کە لەکاتی خۆپیشاندانەدا ئاژاوە دروست دەکەن.

جگە لەمەش بە پێی ماددەی یازدەیەمی هەمان یاسا، ئەگەر دەزگاکانی پۆلیس لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان دەرچوون بۆ بەکارهێنانی هێزی لەڕاددەبەدەر لە دژی خۆپیشاندەران، ئەوا بە پێی یاسا جێبەجێکراوەکان ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتە بەر. هەروەها حکومەت لەسەریەتی قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکاتەوە بە پێی بڕیاری دادگا، ئەگەر بێت و دەزگاکانی پۆلیس لە سنووری ئەرکی ڕاسپێردراوی خۆیان دەرچوون.

6- **پاراستنی ئاسایش و سامانی گشتی و تایبەتی:** ئەمەش بە یەکێك لە کۆتەکانی سەر خۆپیشاندان دادەنرێت، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئاشتییانەی خۆپیشاندانەکە پارێزراو بێت و لە ستانداردە نێودەوڵەتیەکانیش جەختی لەسەر کراوەتەوە. یاسای خۆپیشاندانەکانی کوردستانیش لەماددەی نۆیەمی خۆیدا ئاماژەی بەم خاڵە کردووە و دەڵێ: "ئەگەر لە کاتی

خۆپیشاندانەکەدا ئاسایش، یان سیستەمی گشتی، یان ئادابی گشتی تێکدرا، یان زیان بە ئەوانی دی، یان سامانی گشتی، یان تایبەتی گەیشت، یان خۆپیشاندانەکە لە ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی خۆی دەرچوو، سەبەبکاران بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە بەو هۆیەوە دەکەونەوە و ڕێکاری یاساییشیان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان دەرهەق دەگیرێتە بەر."

ئاشکرایە لەم حاڵەتەدا، ئەو جۆرە کردارانە دەکەونە ژێر پاراستنی یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969 کە لە دەروازەی حەوتەمی خۆیدا باس لە تاوانەکانی خاوەن مەترسیی گشتی دەکات وەك: سوتاندن، تاوانەکانی تایبەت بە دامودەزگا گشتییەکان، ئامرازەکانی گواستنەوە و پەیوەندیەکان و زیانمەند بۆ تەندروستی گشتی.

لەچەند ساڵی ڕابردوو، بابەتی خۆپیشاندان یەکێك بووە لە لەو بابەتانەی کە مشتومڕی زۆر لەسەر بووە, ئەمەش بۆ وڵاتێك کە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە کەلتووری دیموکراسی و یەکترقبوڵکردندا نیە، ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت چونکە بەشێکی گرنگ لە کەلتوری دیموکراسی لەڕێگەی ئەزموونەوە بەدی دێت. هەر لەساڵی 2010 ەوە کە یاسای خۆپیشاندان پەسەندکرا، هەتا خۆپیشاندانەکانی 2011 و ساڵانی دواتریش، هەموو کات شێوازی هەڵسوکەوتی خۆپیشاندەران و دەزگاکانی تەناهی، جێگەی گلەیی و گازندەی لایەنە جۆراوجۆرەکان بووە.

دەسەڵاتداران گلەییان لەوەیە کە خۆپیشاندەران سنووری یاسا و ڕێسا بەرکارەکانی خۆپیشاندانێکی ئاشتییانە دەبەزێنن و توندوتیژی بەکاردەهێنن و زیان بە سامانی گشتی و تایبەتی دەگەیەنن. لایەنە خۆپیشاندەرەکانیش هەموو کات گلەییان ئەوە بووە کە دەزگا تەناهییەکان دژ بە خۆپیشاندەران چەك بەکاردەهێنن و هەندێ جار دەبنەهۆی کوژران و برینداربوونی خۆپیشاندەران. ئەم مشتومڕە هەتا ئێستاش بەردەوامە و لایەنە سیاسیەکانیش بەپێی بەرژەوەندیە حیزبییەکانی خۆیان هەڵوێست لەسەر ئەم بابەتە وەردەگرن.

**دەرەنجام**

1- ئازادی ڕێپێوان خەباتی مەدەنی مافێکی سەرەتاییە لە مافەکانی مرۆڤ و بنەمایەکی گرنگ و کاریگەری ئازادی ڕادەربڕینە لەسەرجەم یاساو ڕێکەوتن نامەو پەیمانە نێو دەوڵەتیەکان و عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە چەسپێنراوە یاسی تایبەتی بۆ داڕێژراوە و لە دەستوری هەمیشەی کۆماری عێراقی فیدراڵدا لە ساڵی (2005 ز) دانی پیانراوە .

2- ئەم پرسە لە هەرێمی کوردستان بە یاسا ڕێکخراوە و ڕەزامەندی پێش وەختە کراوەتە مەرج بۆی جا یان لەلایەن وەزیری ناوخۆ یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەو شوێنەی کە ڕێپێوانەی کەی تیا ئەکرێ مەرجەکانیش ئەوەیە پارێزگاری لە ڕەوشی گشتی بکرێت و بەرژەوەندیە گشتیەکان پارێزراو بێت ناکۆکی و توندو تیژی لیچ نەکەوێتەوە .

3- تێبینی لەسەر یاسای ڕێکخستنی ڕێپێوان لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە یاساکە ئەو دەزگاو لایەنەی دیاری نەکردووە کە مافی تاکەکان یان خۆپیشاندەران دەپارێزێت لە ئەنجامدانی ڕێپێوانێکی ئازاد دا .

4- مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان لە مافە سەرەتایی و سروشتیەکانی مرۆڤە و خوا پێ بەخشیووە و کەس ناتوانێت خۆی بکات بە خاوەنی ڕۆڵی یاساو دەستوور و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان تەنها دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەو مافەیە .

**پێشنیارەکان**

1- پێشنیار دەکەین بۆ یاسا دانەرانی هەرێمی کوردستان بە یاساکەدا بچنەوە و هەمواری کەنەوە چوون هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرچونیەوە ڕەخنەیەکی زۆری لێ گیراوە ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و زەمینە سازی بۆ هاولاتیان بە هۆی پەیڕەوی ئەم مافەی خۆیان بە باشترین و شایستەترین شێوە بکەن , وە بە بۆچونی ئێمە هەموارکردنەوەی یاساکە بەو شێوەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن دەبات .

2- پشت بەستن بە دەستوور و یاسا نێو دەوڵەتیەکان بەو شێوەی کە ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ماف و ئازادیەکانی دیاریکردووە بەشێوەیەك ئازادی ڕێپێوان و مافە مەدەنیەکان دەستەبەر بکرێت و دووربێت لە توندوتیژی و ئازاردان و ئەشکەنجە هاوکات دەسەڵاتی دادوەری تەواو پیشەیی و سەربەخۆ بێت و جیابکرێتەوە لە دەسەڵاتەکانی تر .

3- پێشنیار دەکەین چەمکەکانی ڕەوشی گشتی و بەرژەوەندی گشتی ماناو مەبەستەکانی بەتەواوەتی دیاری بکرێت و ڕێنمای گونجاوی بۆ بکرێت چونکە ئەم چەمکانە لە یاساکەدا ڕۆشن نیەو لە شوێن و کاتی جیا جیادا زۆر ماناو مەبەست هەڵدەگرێت .

4- پێشنیار دەکەین بۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن کە حکومەتە بە پێ ی یاسا وڕێسا و دەستوور و ڕێنمایە کار پێکراوەکان لەگەڵ خۆپیشاندەران مامەڵە بکرێ و مافی ڕادەربڕین و ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بێت .

5- پێشنیار دەکەین دەزگاو دامەزراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا زیاتر کارابکرێن و گرنگیان پێ بدرێ و ڕۆڵ و پێگەیان زیاد بکرێ ئەمەش لە پێناو سنوردانان بەرامبەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە بە زاندنی سنورەکان و مامەڵەی ناسروشتی و ناشایستە بەرامبەر خۆپیشاندەران .

6- پێشنیار دەکەین یاسایی خۆپیشاندا لەهەرێمی کوردستان یاساکە بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوە کە هەموو ئەو سنور بەزاندو پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران ئەنجام ئەدرێت

ئیدانە بکرێ و بە تاوان ناوزەند بکرێ بۆ پاراستنی مافی خۆپیشاندەران و بەرجەستەبوونی دادپەروەری لە نێوان ئەرك و مافدا .

## سەرچاوەکان


- قورئانی پیرۆز.
- ئاسۆ جەبار , كۆمەڵگای مۆدێرن , چاپخانەی تیشك , سلێمانی , 2004ز , ل 3.
- ئازاد وەڵەد بەگی , ئازادی خۆپیشاندان لە نێوان یاساو پراكتیكدا .
- ئیبراهیم حاجی زەڵمی , لەمپەرەكانی بەردەم دروستبوونی ڕای گشتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا , چاپخانەی سیما , سلێمانی , چاپی یەكەم , ساڵی چاپ 2009ز .
- ڕەفیق ساڵح , بەڕێوەبردن و ڕێكخراو , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , ژمارە 31 , بەشی ڕوناكبیری (ی.ن.ك) , سلێمانی ,2003ز , ل 141.
- زاهر زەكار , گروپەكانی فشار و كاریگەریان لەسەر ڕای گشتی , و: مجید ساڵح , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , بەشی ڕوناكبیری , مەكتەبی ڕێكخستنی (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل 107.
- شازین هێرش , ڕێكخراوە دیموكراسی و پیشەییەكان لە چەند بەڵگەنامەیەكی مێژوویدا , 1958 – 1968 , چاپی دووەم , ل5.
- كارل پۆپەرو ئەوانی تر , عەقل و هەست , و:محمد كریم , چاپی یەكەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2005ز ,ل17.
- محمد كەنگوڕی و ئەوانی تر , مەكتەبی ڕێكخستن (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل101.
- محسین ئەدیب , پاش ڕاپەڕین و پرسەكانی كۆمەڵی مەدەنی , ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی , سلێمانی , 2001ز , ل 32.
- مەریوان وریا قانع , شوناس و ئاڵۆزی , چاپی یەكەم , پاپخانەی ڕەنج , سلێمانی , 2004ز , ل164.
- مەریوان وریا قانع , بەختەوەری و بێ دەنگی , چاپی یەكەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2003ز , ل188.
- محمد خلیل ئیسماعیل , كۆمەڵگەی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئتنیكیەكان لە عێراق , گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی , ساڵی 12, ژ.1 , سلێمانی , 2004ز , ل 21.
- احمد مختار عمر , معجم اللغة العربية المعاصرة , الناشر , عالم الكتب , القاهرة , سنة النشر , 1429ه – 2008م , ص 1445.
- انظر, مجموعة من المؤلفين , المنجد , ص482.

- جماالدين محمد مكرم (ابن منظر الافريقي المصري ) , لسان العرب , المجلة الرابع , دار الفكر للطباعة والنشر و التوزيع , الطبعة الأولى , 1410ه -1990م , ص 521- 525.
- 16- الديمقراطية و حقوق الأنسان , اسس و ركائز و تطبيق الديموقراطية , متاح على العنوان الألكترونى التالي :
- 2015/2/20.html 10Htt:pagaes : in fint.net /mounayed/ chap
- د. محمد يوسف علوان و د. محمد خليل موسى , القانون الدولى لحقوق الانسان , الحقوق المحمية , الجزء الثاني , دار الثقافة , عمان , 2007 , ص 277.
- د . جبران مسعود , معجم الرئد , بدون رقم طبعة , دار العلم للملايين , بيروت , بدون سنة طبع , ص 33.
- د. حميد حنون خالد , حقوق الأنسان , الدار الجامعية للطباعة و النشر و الترجمة , بغداد , سنة طبع 2013 , ص 84-85 .
- حكم المحكمة الدستورية العليا في مصر , 1995/5/20 نقلاً عن د. حميد حنون خالد المصدر السابق , ص 85.
- فادى كحلوس , مقال حول الديمقراطية و حقوق الانسان (موقع الحوار المتمدن ) المتاح على العنوان الالكتروني التالي :
- http: pagaes .infint.net /moubayed/chap 10.ntml. 20/2/2015
- د. فالا فريد , حماية الحقوق و الحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية و الجنائية للسلطة التنفيذية ( النظام البرلماني نموذجاً ) , الطبعة الأولى , مطبعة شهاب , أربيل , 2009 , ص 97 .
- 23- المادة (19) من الاعلان العالمي لحقوق الأنسان , المادة (2/19) من العهد الدولى الخاص بالحقوق المدنية و السياسية , المادة (10) من الاتفاقية الاوروبية لحقوق الانسان , المادة (9) من الميثاق الافريقي لحقوق الانسان الشعوب .
- 24- المركز الفلسطيني لحقوق الانسان , دراسة في حرية الرأي و التعبير و الحق في التجمع السلمي في ظل السلطة الفلسطينية - الضفة الغربية و قطاع غزة , 2004 , سلسلة دراسات (6) ص 6.
- المتاح على العنوان الالكترونى التالي http// www.pehrgaza.org

**Abstract**

Peaceful Demonstrations are one of the types of mass protests, but the most famous of those protests, and most able to access these protests to the purpose desired. Through this study, the research tried to spot light on the rule of popular demonstrations over the statement of the concept and the relationship between them and the wordy relevant, and to illustrate demonstrations through mentioning the speeches of who allowed it and their evidence, and then the speeches of who prevented the demonstrations and their evidence and reached further into the Study of the discussion and weighting.

***Keywords***: Peaceful Demonstrations, Legality, Innovation